کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org

بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 27-7-2007 0:43

## ژانی گەل لە هەولێر نمایش دەکرێت ... ئا: نیاز عەبدوڵڵا



لە دوای نمایش کردنی فیلمی ژانی گەل لە شاری سلێمانی و درێژکردنەوەی ماوەی نمایشەکەی بۆ دوو ڕۆژی دیکە ئەمرۆ فیلمەکە لە شاری هەولێر نمایش دەکرێت. لە لێدوانێکی تایبەتی بۆ دەزگا ڕاگەیاندنەکان ئەحمەد مەحمود بەرپرسی ڕاگەیاندنی کۆمپانیای سۆلی فیلم وتی:" لە دوای ئەو سەرکەوتنەی کە فیلمی ژانی گەل لە نمایشەکانی شاری سلێمانی بە دەستی هێنا لەسەر داواکاری بینەرانی فیلمەکە، ماوەی نمایش کردنی فیلمەکە لە شاری سلێمانی بۆ دوو ڕۆژی دیکە درێژ کرایەوە، هەر ئەمرۆش ئێوارە فیلمی ژانی گەل کاتژمێر 7ی ئێوارە لە هۆڵە نوێیەکەی وەزارەتی ڕۆشنبیری نمایش دەکرێت کەماوەی نمایشەکانیشی سی ڕۆژ دەخایەنێت و هەر ئەمرۆ ئێوارە لە دوای نمایش کردنی فیلمەکە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی سازدەکرێت".





دەربارەی درێژکردنەوەی ماوەی نمایشەکان لە شاری هەولێر ئەحمەد وتی:"ئەگەری ئەوە هەیە لە شاری هەولێریش ماوەی نمایشەکە بۆ دوو ڕۆژی دیکە درێژ بکرێتەوە ئەوەش لە کاتی خۆیدا بەدەردەکەوێت".

چیرۆکی فیلمی (ژانی گەل) باس لە ڕووداو و شۆڕشەکانی ساڵانی چل و پەنجاکانی ئەو سەردەمەی شاری سلێمانی دەکات بە تایبەت باس لە ڕوو بەڕوو بوونەوەکانی نێوان خەڵك و حکومەت دەکات و ئەو نەهامەتیانەی کە لەو سەردەمە خەڵك پیاییدا تێپەڕیوە.

فیلمی (ژانی گەل) لە دەرهێنانی جەمیل ڕۆستەمییە، چاودێری ئەم پرۆژەیە مەزهەری خالەقی بووە، ئەکتەرە سەرەکییەکان لە نزار سەلامی و ڕێناس وریا و عەبدولی حەمە جوان و ئاسۆ عومەرپێکهاتوون، کاری نووسینی سیناریۆکە بە هاوبەشی لە لایەن خەسرەو سینا و جەمیلی ڕۆستەمییەوە ئەنجام دراوە، دەنگ هەڵگری فیلم محەمەد ئیمامی کردوویەتی، مۆسیقاکەی کارن هەمایۆن ئامادەی کردووە و مۆنتاژکردنی فیلمەکەش محەمەد ڕەزا موعینی جی بەجێی کردووە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.